## دیاردەی کۆچ یان کۆڕەو بەرەو هەندەران ... هۆی ئەصڵی، چارە !

سامان کەریم

دیاردەی کۆچکردنی خەلکی کوردستان بە پیرو لاو و ژن و پیاو وهەروەها بە خاوەن سەرمایەو کەم دەرامەتەوە بەرەو هەندەران، دیاردەیەکی فراوانە، ئەم دیاردەیە کە بۆتە مەسەلە " قەزییە" لە نێو دەزگا رەسمی و غەیرە رەسمی‌یەکان و کەناڵە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن دا، کار بەوە گەیشتوە کە لە پەرلەمان باس بکرێت و حزب و لایەن و روشنبیرانیش لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، باس بکەن لەسەر هۆی ئەم دیاردەیە و هەروەها "چارەسەری گونجاو"! یش پێشنیار بکەن. کۆچکردنێك کە لەئیستادا لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران ڕێی گرتۆتەبەر، کۆچکردنی ئاسایی نی‌یە بۆ خویندن و بازرگانی کردن، بۆ دۆزینەوەی کار و کارکردن،... وەك لە هەر وولاتێکی تری دنیادا هەیە و بەپێ‌ی دەستور و یاسا لە دوتوێی پەیوەندی نێو دەولەتی و ڕێکەوتنە جیهانی‌یەکاندا جێگایان هەیە و لە ڕێگای وەزارەتە پەیوەندی دارەکانەوە ڕێك دەخریت. باسی کۆچ باسە لە ئامانجی کۆچ، کەسێك یان کۆمەلێك کەس کۆچ دەکەن لە بەر هۆیەکی تەواو روشن، کە بناغەکەی بەرژەوەندی‌یەکی ماددی ڕۆشنی تێدایە، لە دێر زەمانەوە دۆزینەوەی لەوەڕەگە،گەران بەدوای نێچیر، بەخێوکردنی ئاژەڵ ، خۆ رزگارکردن لە ئافاتەکانی سروشت و گەڕان بەدوای زەوی بە پیت.... هۆیەك بوون یۆ کۆچکردن. واتە ئامانجیکی دیاریکراو بۆ کوچکردن لە پێشەوە رۆشنە، بەڵام خەڵکی کوردستان کە دەڕۆن و زۆر بەپەلە سەرەڕای ترسناکی ڕێگاو بان و بە ڕێگەی قاچاغ و ڕێگا کردن بە کێلگەکانی مین و دەریا گەورەکان و سنورە پاریزگاریکراوەکان بە پاسدارو سوپای تورکی و یونانی و... ئامانجیان جورێکی ترە، ئامانجی ئەمان جێ هێشتنی شوینێکە کە ناوی کوردستانە بەهەر نرخێك بێت تەنانەت بە نرخی مەرگیش کە لەپێشەوە ترسی مەرگ دیارە لەو سەفەرە دا، واتە ئامانجی ئەم کۆچە پێش ئەوەی ئامانجێکی نەخشەکێشراو بێت بو ویستێکی دیاریکراوی ئابوری یان روشنبیری یان ... خودی جێ هیشتنی کوردستان بۆتە ئامانج لەم هەل ومەرجەدا، بەهەمان ناوەرۆکی کۆڕەوەکەی سالی ١٩٩١کە خەلك گرنگ ئەوەبوو رزگاری بێ لە کوردستان و بگاتە شوینیکی ئامن، دوای ئەوە بیر لەوە دەکرێتەوە کە چ بکرێت و چۆن ویست وداواکانی خۆی جێ بەجێ بکات. لە لایەکی تریشەوە خودی ئاستی فراوانی ئەوانەی کوردستان جێ دەهێلن و شەپۆلێك کە رۆژانە بەرزدەبێتەوە ناتوانرێت بە کۆچی ئاسایی دابنرێت کە لە زۆر وولاتدا دەیبینین، وەکو ئیران، جەزائیر، و... بە ڵکو کۆڕەو ناولێنانیکی یان دەربڕینیکی تەندروستترە و لە هەمانکاتیشدا لەباری زمانەوانی‌یەوە یان لەباری مەنهەجی لێکدانەوەی زمانەوە پەنابەری و کۆچ دوو مەسەلەو دیاردەی تەواو جیاوازن، پەنابەری بەجێ هێشتنی واقعێکی ترسناکە واقعیکی سڕبون و بی ئاسویی بو ئایندە، ترس لە مەرگ و لە پاشە ڕۆژ، خۆ رزگارکردن لە شەڕو لە دەسەلاتی مەوجود، لە قەهرو نەبونی ئازادی‌یە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان و... بەڵام کۆچکردن وانی‌یە، بۆ مەسەلەیەکی دیاریکراوە هەروەك باسمان کرد لە عێراقیشدا لە ساڵانی هەشتاکاندا ژمارەی ملیۆنی کرێکارانی میسر یمان دەبینی کە بۆ کار هاتبون، وکاریان دەکرد بە پێ‌ی پەیمانی کاری نێوان دوو وەزارەت و لە خودی ئەوروپاش دا ئیستا ژمارەیەکی زور لە خەلك کۆچ دەکەن بۆ وولاتانی ئوستراليا و ئەمەریکاو نیوزلەندو... بۆ کار، بەلام کۆچی ئەمرۆی خەڵکی کوردستان بۆ داواکردنی پەنابەری‌یە، تەنانەت بە کەمتر لە پەنابەری سیاسی رازی نابن، کە مافی حاشا هەڵنەگری خۆیانە. بەم پێ‌یە گەران بە دوای رێگا چارەی گونجاو دا کە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستاندا بگونجێ بۆتە جێگای باس و لێکدانەوەی جیاواز، منیش بە دەوری خۆم لەم ڕێگایەدا سەرەتا هۆی ئەصلی ئەم دیاردە فراوانە دەست نیشان دەکەم کە من بە کۆڕەو ناوی دەبەم و پاشان دێمە سەر ڕێگا چارەی خوازراو و هەروەها ممکن بەپێ‌ی واقعیەتی ئێستای کوردستان.

### *هوی ئەصلی کۆڕەوی خەڵکی کوردستان چی‌یە ؟

لە بۆچوۆن و لێکدانەوە جیاوازەکاندا کە لە گۆڤارو رۆژنامەو کۆڕو سیمینارو لێکولینەوە جۆراوجۆر و فراوانەکاندا دەیبینین و دەیخوێنینەوە و گوێمان لێ دەبێت، گەلێك هۆی واقعی هەلومەرجی تاڵی ئێستای کوردستان باس کراوە لە " نەبونی ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان "، " دواکەوتوویی نەریتی کۆمەڵایەتی " ، " بێکاری "، " وەزعی سیاسی کوردستان وشەڕی ناوخۆ" ، ... وەك هۆکانی ئەم دیاردەیە، لێرەشەوە کۆمەلێك لە پێشنیاری جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو. بەلام ئایا لە راستی دا وە سەرەڕای واقعی بونی ئەو مەسائیلانە ئایا دەکرێ هۆی ئەصلی ئەم کۆڕەوە تەنها بەوانە لێك بدرێتەوە؟ ئایا ئەو مەسائیلانەی کە باسکراون بۆخۆیان ئاکامی مەسەلەیەکی فراوان ترو ڕیشەیی ترن یان هۆی بناغەیین؟ بۆ وەلام دانەوەی ئەم دوو پرسیارە زور پێویست بە لێکدانەوە ناکات ، بەڵکو بە سەرنج دانێکی کورت بە وولاتانی دەوروبەردا وە ڕۆیشتن یان کۆچکردنی خەڵکی ئەو وولاتانە وەك ئیران، جەزائیر، صومال و... بەڕۆشنی ئەوە دەردەکەوێ کە لەو وولاتانەشدا ئەو هۆیانەی کە باسکراوە هەیە و سەپێنراوە، وەکوو نەبوونی ئازادی سیاسی، بێکاری و دواکەوتوویی نەریتی کۆمەلایەتی و شەڕی ناوخۆ، بەلام ئەم کۆڕەوە نابینین، بەتایبەت ئاستی ئەم کۆڕەوە لە کوردستاندا ساڵ بەساڵ ڕوو لەسەرە و بەهیچ هێزیك بەری پێ‌ناگیری، نە هێزی سروشت، نە هێزی ئینسان و حکومەت ودەسەلاتە جیاوازەکان نە ڕێگای قانونی ونە ڕێگای ترساندن وپێش پێگرتن وڕوتکردنەوە و کوشتن، حکومەتانی ئەوروپا بەهۆی سیاسی " کوردستان ناوچەیەکی ئامنە " دەیانەوێ مافی ئینسانی و پەنابەری‌یان لێ زەوت بکەن، لە ڕێگاش ولەسنورەکان بە دەست باندی قاچاغ و پۆلیس و سوپای سەرسنورەکان وتۆمەتی‌جۆارو جۆری ئەخلاقیش لە ناوخۆی کوردستاندا لەو لاوە بوەستێ هەروەها گاڵتە

پێکردنیان به جۆرێك كار گەیشتۆته ئەوەی كه حاكمێك ناویان بەرێت به" پەنابەری سیاحی "( الاتحاد ٦/١) سەرەڕای ئەم هەموو ڕێگری و ڕیگا ترسناکانه، بەلام دەبینین سالی ٢٠٠١ و تاكو كۆتایی مانگی ئاژار وبەپیێی ئامارەكانی دام و دەزگاكانی كۆچ له وولاتانی وەك بەریتانیا وهولندا و استرالیا و ئەلمانیاو... ژمارەی كوردی عیراقی بەرزترین ئاستی جیهانی هەیه. ئەگەر ئەمه واقعیەتی ژمارەو ئاستی بەجیێ هیێشتنی كوردستان بیێت لەلایەن خەڵكی كوردستانەوه، وه ئەگەر له سەرەتاوه وەك فەرزێك وەربیگرین كه ئەو هۆیانەی باسكراون بۆخۆیان ئاكامی مەسەلەیەكی بناغەیی ترن، كەواته هۆی ئەصلی ئەم كوڕەوه چیێه ؟ بەبڕوای من پیێش هەر شتێك هۆی بناغەیی ئەم دیاردەیه له واقعیەتی ناوەرۆك و شیێوەی دەسەلاتداری و حكومەت كردنی بزوتنەوەیەكی كومەلایەتی دایه له كوردستان، كه بزوتنەوەی كوردایەتی‌یه . خەڵك به لیێشاو دەڕوات، باسی چونه دەرەوه گەرمترین باسی روژانەو شەوانەی ئەو شوێنانەیه كه خەڵكی لیێ كودەبیێتەوه، گەرمترین باسی نیێو خیێزانەكان و لاوانه له كوردستان، ئایا دەكریێ ناڕۆشن بونی ئایندەی خەڵكی كوردستان( خالیێك كه پەرلەمانی هەولیێر ئاماژەی بۆ كردوەو له هەموو خالەكانی تریش واقعی تر دیێته بەرچاو) هۆی ئەصلی ئەم دیاردەیه بیێت؟ ناڕۆشن بونی ئایندەو وبیێ ئومیدی به ئایندەو تەنانەت بوگۆڕینی ئاینده، حالەتیێكی یەئس و سڕبونه، ئەم حالەتی یەئسه سەپیێنراوه، وه پیێكهیێنراوه، بوخۆی ئەنجامی پرۆسەكی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی، فكری و رۆشنبیری و....چەند سالّەیه كه تەمەنی له ١٠ سالّ زیاتره، ئینسان له فەزایەكی ئینسانی و تەندروستی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی‌دا دووچاری توش بونی یەئس و مل دان به ڕیێگای هات و نەهات نادات، بەڵكو هەوڵی زیاتر دەدات بۆ باشتر بونی ژیان وگوزەرانی خۆی، بۆ ئینسانی كردنەوەی زیاتری ئینسانی بونی خۆی، میێژووی تا ئیێستای كۆمەڵگای بەشەری ئەم خالّەی له ئاستیێكی زۆر فراواندا نیشانداوه، بەتایبەت ئەگەر بەڕۆشنی ناوەرۆكی ئومیێد و گەشبین بون به ئاینده تیێبگەین كه باری پیێچەوانەی یەئس وسڕبونه، ئومیێدو گەشبینی به ئاینده تەنها بەمانای فەزای ئارام وتەندروستی سیاسی و ئینسانی نی‌یه( كه دیاره ئەوەش باریێكیەتی ) بەڵكو لەهەمانكاتدا به مانای هەولّ دانی ئینسانەكانیش دیێ بۆ گۆڕینی هەلومەرجی مەوجود واته كه فەزای كۆمەڵگا فەزاو باریێكی شۆرشگیێڕانەی هەبیێت، هەرچەند نا ئارام و شلۆق دەبیێت، واته ئینسانەكان هاتبنه مەیدان بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ژیان وگوزەرانی خۆیان. بۆیه، ئەوه ڕاسته كه نائومیێدی بۆ ئاینده وترس له سبەینیێ هۆیەكی كاریگەره بۆ بەجیێ هیشتن، به بروای من هۆیەكی كاریگەریشه بەلام ئەم هۆیه بوخۆی ئاكامی هەلومەرجیێكی سەپیێنراوه، له فەزای فكری و سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی، له گۆتكردنی خەڵكی كوردستان به فەرهەنگ و بیری دواكەوتووەوه، له بەستنەوەی خەڵكی كوردستان و قورگ گرتنی هەر هەناسەیەكی ئازاد، له پیێكهیێنانی پەرژینیێكی گەورەو فراوان بۆ ئینسانەكان كه تیایدا دەسەلاتداران بۆخۆیان وه بەپیێی بەرژەوەندی حزبایەتی یاساكانی خۆیان دادەنیێن و دەیسەپیێنن بەزۆری چەك، كه بەگشتی هەمان چوارچیێوەو قەوارەی یاساكانی حكومەتی قەومی بەعسه، نابیێت رەخنه بگیریێت له دەسەلاتداران، نابیت رەخنه بگیریێت له سكرتیری گشتی وسەرۆك، نابیێت باسی ئەوەبكریێت چۆن ئەم دەسەلاته دەگوردریێت و دەسەلاتیێكی تر جیێگای دەگریێتەوه، نابیێت رەخنه له هەڵس و كەوت و پیشیێلكاری هیزەكانیان بكریێت( خۆ ئەگەر جورئەتیشت كرد، یان روژنامەكه دادەخریت، یان مقەرەكەت پەلّامار دەدریێت، یان دەچیته زیندانەكانەوه)، نابیێت ژن به تەنیا سەفەر بكات، نابیێت جل وبەرگ به ئارەزوی خۆی له بەر بكات، نابیێت له پیاوەكەی جیابیێتەوه ئەگەر هەموو رۆژیكیش نان و شەق بخوات، نابیێت به ویستی خۆی هاوسەرەكەی دیاری بكات، نابیت هاوڕیێی كوڕی هەبیت، دەبیێت خەلكی كوردستان هەموو روژیێك گویێیان له هەوال بیێت، بۆ ئەوەی بزانن نرخی دولار گەیشت به كویێ، بڕیاری نەوت بەرانبەر به خۆراك چی بەسەر هات، ڕیێكخراوه بیانی‌یەكان چی‌یان لیێ هات، حكومەتی بەعس له كام لاوه خۆی مەلاسداوەو دەیەویێ هیێرشیێك بكات، سوپای توركیا له چوارقورنەیه یان له زاخۆ، ئیتلاعاتی ئیرانی و قەرارگای هەمزەو له كوێن، كەی سنورەكان دادەخریێن، لاوەكانمان ویستەكانیان چی لیێهاتوه، له جیاتی موسیقاو كومپیوتەر و ئەنتەرنیێت، زانست، له جیاتی وەرزش و بەرزكردنەوەی توانایی‌یه جسمی و مەعنەوی و عەقلی‌یەكانی یان، ناچار بن واز له خویێندن بهیێنن و پەنابەرنه بەر دەستفروشی و كریێكاری ئەویش ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبیێت كاریێكیان دەست بكەویێت، خەڵك بۆ ئەوەی بژین دەبیێت به ناچاری بن به ئەندامی حزبیك، دەبیێت بوئەوەی باری ئەمنیان سەلامەت بیێت بن به ئەندامی حزبیێك، بۆ ئەوەی كاریان دەست بكەویێت دەبیت بن به ئەندامی حزبیێك، خیزانیێك بۆ ئەوەی پارەیەكی دەست بكەویێت پیێویسته كچه مندالّەكەی وه گەورەكەی بكاته محجەبه بوێەوەی پاره وەرگریێ یان له خیێرو سەدەقه بیێ بەش نەبیێت، خانوی ٩٨٦ توزیع دەكریت دەبیێت له پیێشدا بۆ شەهیدانی ئەحزابەكان دابین بكریت، كارەبای ٩٨٦ دیێت دەبیێت زەریبه له خەڵك بسەنریێت، جادەو كۆلانەكان كۆنكریت و قیرتاو دەكریێت به پارەی ٩٨٦ دەبیێت حزبی دەسەلاتدار خۆی پیێوه هەڵبدات و زەریبەكەش خەلكەكه بیدات، دەبیێت خەڵك به زەریبه گیێژ بكریت، له ژیێر ناوی قانوندا، بەدەستیێك پولیێك زیاد دەكریێت به ده دەست لیێیان وەرگیریتەوه، دەبیێت ژمارەی ئەو كریكارو كارمەندانەی كه روژانه ناونوس دەكریێن بۆ دەركردن زیاد بكریێت له ژیێر ناوی هیێزی كاردا، دەبیێت و دەبیێت، بەلّام یەك قانون نی‌یه كه بەرژەوەندی و ویستی خەلك جیێ بەجیێ بكات، یەك یاسا نی‌یه كه خەڵك له كوردستان گەشبین و خۆش بین بكات به ئاینده، دەبیت سەدان مزگەوت و تەكیەی قادری و نەقشبەندی و حسینیەو ... دروست بكریێت، بەلّام هۆلیێكی مەلەوانی، گۆڕەپانیێكی وەرزشی، پاركیێكی گشتی، باخچەیەكی ساوایان، دایەنگەیەگ بوه بەهیواو ئارەزویەكی سەدەها هەزار ئینسان، دەبیێت بازاڕی ئازاد بیێت بو دەركردنی كریێكاران وفەرمانبەران بەلام دەبیێت بازاریێكی سەرمایەی حزبی بیێت بۆ سەرمایەداری سەر به حزبەكان و ئیحتكاریش بیێت بۆ بەرژەوەندی حزبی

دەسەلاتدار، دەبێت منداڵەكان لە تەمەنی ٦ ساڵیەوە ببن بە سفرە هێنەری ماڵ و بەخێوكەری خێزان بە پاكەت و گوڵە بەروژە و چڵورە فروشتن و بۆیاخ كردن و شاگرد فیتەری و، دەبێت شەڕی ناوخۆ هەبێت بو ئەوەی بزانین كێ وەرەقەكانی دەستی پڕ تر دەبێت، دەبیت كەس نەزانی بەرنامەی فیدراڵی چیەو خودی فیدراڵیەت چییە بۆ ئەوەی بە ئارەزوی خۆیان وەك لاستیك رایكێشن و چۆنیان بۆ هات بڵێن ئەوە فیدراڵیەتە و ئەوەش ئۆتونومی، دەبێت كوردستان هەر سەرگەردان وهەلومەرجێكی مولەقەی هەبێت، دەبیت بەزۆر بخرێتە میشك و زەینی ملیونەها خەلكی كوردستانەوە كە " یەكپارچەیی خاكی عیراق پاریزراوبیت، لە سایەی ئەم حكومەتە قەومیو شوڤینیەی ئیستاییدا " نابێت باسی جیابونەوەی كوردستان و ریفراندوم بكریت بو خەلكی كوردستان خۆ ئەگەر نیازیكی واشت هەبوو ئەوە پەلامار دەدریت یان دەدرێتە دادگای حزبەكان چونكە ئەوە زەربە لە ئەمنی نەتەوەیی كورد دەدات " شتێك كە خۆی نیەتی وخودی حزبە دەسەلاتدارەكان خۆیان هەمە رۆژە پیادەی دەكەن"، نابێت خەڵكی كوردستان رزگاریان بێت لە ستەمی قەومی چونكە بەرژەوەندی بزوتنەوەی كوردایەتی و ئەحزابەكانی لەمڕۆدا وا پیویست دەكات.... بەكورتی دەسەلاتدارێتی كوردی ئەو چوارچیوەو قەوارەیەیە كە خەلك لە دەستی ناچار بوە بڕوات و....دەبێت و دەبێت هەموو ئەمانە واقعیەتی ژیان و گوزەرانی خەلك و فەرهەنگ و نەریتێكی كومەڵایەتی و فەزای سیاسی كومەڵگای كوردستان دەنەخشێنن و دەیان قەڵەم بەدەستیش لە ژێر ناوی ئازادی و كومەڵگای مەدەنی و مافی مروڤدا چەپڵەی بۆ لێ دەدەن، لە ژێر ناوی حكومەتی كوردی و خوماڵی دا ئازارو خەم و كویرەوەری ئینسانەكان لە كوردستاندا رادەمالرێ و لەوحەیەكی قەوزوقەدەحی ڕیاكارانەو درۆزنانەی بۆ دەڕازێنرێتەوە. ئەم واقعیەتە كێ لیپرسراوە بەرانبەری؟ وەلامی ئەم پرسیارە كە پێشتر دراوەتەوە، لە هەمانكاتدا هەر هەمان وەلام هۆی ئەصلی ئەم دیاردەی" كۆڕەو" ە مان بۆ دیاری دەكات، كە بزوتنەوەی كوردایەتی و جەوهەر و شێوەی دەسەلاتەكەیەتی.

*چارەسەری خوازراو، چارەی ممكن !

باسكردن لە چارەسەری ئەم دیاردە فراوانە، پێش هەرشتێك كۆتایی هاتنە بەو هەلومەرجە نالەبارەی كە باسمان كرد، بە بێ كوتایی هاتنی ئەو هەلو مەرجە و باشتر بونی ژیان و گوزەرانی خەلك و رزگار بون یان لە ونەریت وفەرهەنگە دواكەوتوانە، زاڵ بونیان بەسەر ئەو فەزا خنكێنەرەی كە سەپاوە بەسەر مافە سیاسی و مەدەنی و شەخسیەكاندا، بەبێ رزگار بون لە هەلو مەرجی مولەقەیی و سەرگەردانی سیاسی ،.... ئیمكانی گۆڕینی ئەم دیاردە فراوانە نیە بە حالەتێكی ئاسایی و كۆچی ئاسایی ئینسانی تاك لە كوردستان لە پیناو خویندن و كاركردن و.... بەلام ئەمانە كار وئەركی بزوتنەوەیەكی ترن، نە وەزیفەی بزوتنەوەی كوردایەتی و حزبەكانیەتی نە هی حكومەت و پەرلەمان و داداگاكەی، وەڵامی ئەم هەلومەرجە بەهاتنە مەیدانی بزوتنەوەی راستەوخۆی جەماوەری دەستەبەر دەبێت، كە راستەوخۆ بە هیزی خوی ئەو ویست و خواستانە بكاتە واقعیەتی یاسایی و دەستوری لەم دەڤەرەدا. بەلام لە ئێستادا لە كاتێكدا وەزعیەتی مەوجود و دەسەلاتی مەوجود خۆی هۆكاری ئەصڵی ئەم فەزاو هەلومەرجە سیاسی و فەرهەنگی و فكری وئابوریەیە، پێویستە مەیدان بە مەیدان داواكاری بەداواكاری لە هەر گەرەك و هەر كوچەو كولانێكدا، لە هەر كارگەو هەر شەقامێكدا، خەڵكی كوردستان خۆیان ڕێكخراو بكەن خۆیان یەكگرتوو بكەن وداوكاری وخواستەكانی خۆیان بەرزبكەنەوە لە هەوڵی جێ بەجێ كردنی دابن، هەر نارەزایەتیەكی بچوك لە پەیوەند بە دابین كردنی زێراب و كارەباو جادەی قیرو ئاوو تا دەگاتە نارەزایەتی دەستفروشان و ئاوارەكان، تاكو نارەزایەتی كریكاران وفەرمانبەران دژ بە دەركردنیان لەسەر كار تاكو خواستی زیادكردنی كرێ و دابین كردنی ئازادیە سیاسیەكان، تاكو نارەزایەتی و خەباتی ژنان ولاوان لە پێناو مافەكانیاندا، تاكو ناڕەزایەتی لە پیناو دابین كردنی خانودا، هەریەكەیان گۆشەیەك و سەرەتایەك لەو بزوتنەوە فراوانە دەنەخشێنیت، لەهەمانكاتدا دەسەلاتدارانیش ناچار دەكات بە گۆڕینی یاساكانیان، ناچاریان دەكات بەوەی كە بریك پارەی گومرگەكەیان بوخەلك دابنێن، ناچاریان دەكات واز لە پارەی ئاوو كارەبا بهێنن، ناچار دەبن كە شەقام و زێرابەكان باشتر بكەن، ناچاریان دەكات كە كەس دەرنەكەن لەسەر كار، وناچاریان دەكات كە بە ئاشكرا كەس نەگرن لە سەر مخالیف بونی سیاسی و... ئەمە سەرەتایەك دەبێت بۆ هاتنەوەی ئومیدو خوشبینی بە ئایندە لە هەمانكاتدا سەرەتایەكە بۆ گۆڕینی ژیان وگوزەران بە ئاقاری ژیانێكی خۆشترو باشتر. لە كۆتایی دا ماوە بلێم، باسی من لەسەر ئازادی شوێنی نیشتەجێ بون نیە، پێم وایە ئەم دیاردەیە زور فراوان ترە لە وخواست و داوایەی كە من باوەڕێكی زۆر قولم بە ویست وخواستی ئینسانەكان هەیە لە هەر شوێنێك كە بیانەوێ ژیانی تێدا بكەن . ٢٠٠١/٧/٥